# خۆپیشاندانی شکۆداری مامۆستایان لەشاری سلێمانی بەسەرکەوتن گەیشت

**راپۆرتێك لەسەر رێپێوانی نارەزایەتی و خۆپیشاندانی مامۆستایان لەشاری سلیمانی      ئامادەکردنی: دەشتی جەمال**

بەشیك لە مامۆستایانی نارازی کوردستان لەچەند هەفتەی رابردودا پاش ئەوەی کە یەکیتی مامۆستایان هیچ رێگا چارەیەکی نەبوو بۆ وەلام دانەوە بە کیشەو گیرو گرفتەکانی مامۆستایان و بگرە وەك هەمیشە لە پالْ بەرژەوەندی دەسەلاتداران و حکومەتدا راوەستایەوە! کۆمەلێك لەمامۆستایانی پێشرەو لە چەند کۆبونەوەیەکدا قسەوباسی تیروتەسەلی خۆیان بردەپیشەوە لەپەیوەند بەهەلومەرجی ژیانی ئەمرۆو بژیوی وگەندەلی دام و دەزگاکانی پەروەردەو، موچەو و سەرف نەکردنی دەرمالە وچەندین گرفتی ترو بریاریاندا کە ئەگەربیتو حکومەتی هەریم وەلام بە داخوازیەکانیان نەداتەوە ئەوا رۆژی 10-4 رێپیوانیکی فراوانی نارەزایەتی دەربرین بەرێدەخەن بۆ بەدیهینانی داخوازیەکانیان کە پیکهاتبوو لەم خالانەی خوارەوە:

1- گۆرینێکی ریشەیی وبابەتی لەپرۆگرامی خوێندندا، بەجۆرێك لەگەلْ ژیانی سەردەمدا بگونجێ.

2- دابینکردنی ئامرازەکانی خۆیندن لەسەرجەم قوتابخانەو خویندنگاکانداو رەخسانی هەلومەرجێکی لەبار بۆ کارکردنی مامۆستاو پێشخستنی سیستەمی پەروەردەو نەهێشتنی گەندەلی.

3- زیاد کردنی مووچەی مامۆستایان لەوەی کەسەرەتا پێی دادەمەزریت وچاککردنی سیستەمی مووچە بەبەراورد لەگەلْ مووچەی فەرمانبەری وەزرارەت و فەرمانگە حکومییەکانی تردا.

4- خەرجکردنی دەرمالەی پیشەیی وکارگیریی و هاوسەر ومندالْ و هەولْدان بۆ باشترکردنی گوزەرانی مامۆستا بۆ ئەوەی چیتر لەپەراویزدا ژیان بەسەر نەبات.

5-بەستن و گیرانەوەی دەرمالەی مامۆستایانی دەرەوەی شار.

6-پێدانی خالی زیادە بە مامۆستایان یان دابەزاندنی ئاستی خالەکان وکۆکردنەوەی خالی هاوسەرێتی بۆ پێدانی زەوی نیشتەجێ بوون.

7- زیاد کردن و خەرجکردنی دەرمالەی وانەبێژی لەکاتی خۆیدا واتە مانگانە .

8-دابینکردنی مووچەیەکی گونجاو بۆ ئەو مامۆستایانەی خانەنشین کراون.

9-دەرچووانی ئامادەیی وپەیمانگا و زانکۆکان بەزۆر نەکرێن بە مامۆستا ، چونکە کاریگەری راستەخۆیان لەسەر خۆیندن هەیە.

دوای خستنە رووی ئەم خواستانە لە لایەن لیژنەی رێکخەری ریپیوانەکەوە بەشێوەی بانگەواز بۆ بەردەم مامۆستایان، یەکیتی مامۆستایان لەبەرامبەر ئەم جولانەوە بەرفراوانەی مامۆستایاندا خیرا هستریا دەیگرێت و لەزمانی قسەکەری رەسمیانەوە بە ناوەندەکانی راگەیاندن "عومەری شیرەمەری" لەتەلەفزیونی پەروەردەو گەلی کوردستانەوە هەوالی ئەوە رادەگەیەنێت کە ئەو مامۆستایانەی بانگەوازی رێپیوانیان کردوە ((گیرە شوێنن و موری یەکیتی مامۆستایانیان تەزویر کردوە وبەکاریانهیناوەو ئەو ئیمزایانەش تەزوێرن، دەیانەویت ئاهەنگەکانی کوردستان تیکبدەن بەبۆنەی هەلبژاردنی مام جەلالەوە..........)) دیارە مەبەستی لەو ئیمزایانە بوو کەپێشتر لەلایەن هەمان مامۆستایانی نارازی یەوە لە ناوچە جیاوازەکانی دەوروبەری سلیمانی یەوە کۆکرابووە بۆ هەمان داخوازی سەرەوە بەلام بێ وەلام لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەمینیتەوە. مامۆستایانی نارازیش لەهەنگاوی دووەمدا بریاری ئەنجامدانی ریپیوانەکەیان دەدەن .

ئەمە لە کاتیکدایە کە یەکیتی مامۆستایان نەك هەر بە تەواوەتی پشتی کردە داخوازیەکانی مامۆستایان بەلکو بە کردەوە پشتگیریان لە سیاسەت و ئامانجەکانی حکومەتی هەریمی سلیمانی کردو سەلماندی کە (یەکیتی مامۆستایان) لەسەنگەری مامۆستایاندا نی یە ، هەر بۆیە دەکەویتە چەواشەکاری و بەرێخستنی تەبیلغاتی نادروست بەرامبەر بە رێپیوانی مامۆستایان!

بەلام سەرەرای هەولی جۆراوجۆری یەکیتی مامۆستایان و دەسەلاتداران بۆ شکست پیدانی نارەزایەتیەکە مامۆستایان سوور دەبن لەسەر جیبەجیکردنی داخوازیەکانیان و سەر ئەنجام رۆژی یەك شەمە 4-10 کات ژمیری 10 سەر لەبەیانی زیاتر لەدوو هەزار مامۆستای نارازی بە پشتیوانی خەلکی سلیمانی و شارو ناوچە جیاجیاکانی دەوروبەی سلیمانی لەبەردەم باخی گشتی یەوە بەرەو وەزارەتی پەروەردەو و ئەنجومەنی وەزیران بەرێکەوتن بە دروشمی جۆراجۆر و شیعاری وەك (گەر موچەمان زیاد نەکەن ،دوا رۆژمان تاریك دەکەن) ( بۆ دوا رۆژی مندالان خزمەتکەن مامۆستایان)

(زەوی دنیا دابەشە مامۆستا لێی بێ بەشە) (دیمکراتی حاکم بێ بۆ ریپێوان نەکرێ!) (پەروەردە نووستوە نوستووە) ، گۆرین و هاوچەرخ کردنی پرۆگرامەکانی خۆیندن ..... هەروەها لیژنەی ئامادەکاری ریپیوانی مامۆستایان چەندین شیعارو پلاکارتی تریان ئامادە کردبوو . هەروەها لەم خۆپیشاندانەدا دارە مەیتێکیان هەلگرتبوو وەك رەمزی گۆرانکاری و لەناوبردن کە لە دیوێکی یەوە نووسرابوو "گوزەرانی مامۆستا" لەدیوەکەی تریش "پرۆگرامی خۆیندن"...!

شایەنی ئاماژەپێکردنە لەتەواوی قوتابخانەکانی سلیمانیدا ئەورۆژە ریگا و مۆلەت بە مامۆستایان نەدراو هەرەشەی ئەوە لەمامۆستایان دەکرا کەلەموچەکانیان دەبرریت گەر بەشداری ریپیوانەکە بکەن ئەمە بیجگە لەوەی بریار بوو لەشاری رانییەش هەمان ریپێوان ئەنجام بدریت بۆ پشتیوانی کردن لەخواستەکانی مامۆستایانی سلیمانی بەلام دەسەلاتدارانی ئەو ناوچەیە ریگەیان لی دەگرنو نایەلن ریپیوانەکە ساز بکەن.

لەم رێپوانەدا چەند لایەن و کەسایەتی ورێکخراوی جیاواز بۆ پشتیوانی لەخواستەکانی مامۆستایان بەشداریان کردبوو. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق لەچەند رۆژ لەوەو پێشەوە تەبلیغاتیکی فراوانی بۆ راکیشانی پشتیوانی رای گشتی بۆ ئەم ریپیوانە بەرێخست و لەم جولانەوەیەدا چالاکانە بەشداری کرد. (دەشتی جەمال-کادری حزب) لەگۆشەیەکی خۆپشاندانەکەوە پەیامی پشتیوانی لە مامۆستایانی کوردستان راگەیاند کە مامۆستایان ئۆمیدی گەورەی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستانن وحزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق و فدراسیۆنی شوراو نەقابە کرێکاریەکانی عیراق بەو پەری توانانەوە بۆ بەدەست هینانی ئەو خواستانە تی دەکۆشێ و پیشتیوانی دەکات....

پاشان وەفدێکی مامۆستایان کەلەلایەن لیژنەی رێکخەری ریپیوانەکەوە دیاری کرابوو لەگەل سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەنوینەرایەتی مامۆستایان کۆدەبێتەوە و بەلێن دەدەن داواکاریەکانی مامۆستایان جێ بەجێ بکەن لەماوەیەکی دیاریکراوداو لیژنە پێك بیت کەدووان لە نوینەرانی لیژنەی خۆپشاندەرانی تیا بێت .

وەلامی ئەنجومەنی وەزیران لەژێر فشاری هیزی یەکگرتووی مامۆستایاندا هەنگاوێکی گەورەی سەرکەوتنی مامۆستایانی تۆمارکرد. ئەم ریپێوانە لەهەلومەرجیکدا بەرێوەچوو کە هیشتا دارشتنەوەی دەستورو قانوون و یاسا بە سەر ئەنجامێك نەگەیشتووە، پەیامێکی عەزیمە لەپێناو خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی کۆمەلایەتی وبەشێکە لەجولانەوەی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان ، کە مامۆستایان لە ئایندەدا نەك تەنها بۆ بەدەست هینانی ئەو داخوازیانەی سەرەوە دینە مەیدان بەڵکو خواستەکانی تری وەك جیایی دین لەدەولەت و پەروەردەو فیرکردن وگورینی سیستەمی پەروەردەو فیرکردن بۆ سیستەمیکی هاوچەرخ و پیشکەوتوو، ئەم نارەزایەتی و خۆپیشاندانەی مامۆستایانی نارازی و پیشرەو بووە لەگەل نارەزایەتیەکانی ماوەی پیشووی خویندکارانی زانکۆی سلیمانی هەنگاویکی سەرەتایی و کاریگەرە بە مەبەستی پیکهینانی ئالوگوریکی ریشەیی و پیشرەوانە لەکۆمەلگادا!